# بیۆگرافیای ڤلادیمیر ئیلیچ لێنین 1870ـ1924*

ئامادەکردنی: جبار محسن

لێنین درێژە پێدەری ڕێبازی مارکس و ئەنگڵس و ڕابەری پرۆلیتاریای روسیا و نێودەوڵەتی و دامەزرێنەری حزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت، لە سیمبرسک لە ساڵی 1887دا لەدایک بووە. چۆتە کۆلیژی حقوق لە کازان بەڵام بە هۆی چالاکیەکانی لە نێو بزووتنەوەی خوێندکاریدا دەستگیر دەکرێت و دوابەدوای ئەمە هەر لەو شارەدا خۆی دەشارێتەوەو دەکەوێتە ژێر چاودێری پۆلیسەوە لە دێی کوکوشیکتو. لە کازان لە ساڵی1888- 1889 و لە سماری و لە ساڵی 1893ـ1898 دیراسەی مارکسیزمی کردووەو بۆتە مارکسی و یەکەمین کۆمەڵێ مارکسی لە شاری سماری پێکهێنا و لە 1893دا کە گەیشتە شاری بترسبۆرگ بووە ڕابەری مارکسیەکان لەوێدا و چالاک بووە لە بڵاوکردنەوەی دەرسەکانی مارکسیزمدا لە ناو کرێکاراندا. لەساڵی1894دا یەکەمین کتێبی ناوداری نوسی کە بریتی بوو لە(کێن هاوڕێیانی خەڵکو چۆن سۆسیال دیموکراتەکان دەجەنگن). لە ساڵی 1895 کۆمەڵە مارکسیەکانی یەکخست لە ڕێکخراوی( یەکێتی خەبات لە پێناوی ڕزگاری چینی کرێکار) لە شاری بترسبۆرگ، بە دوای ئەمەدا یەکسەر زیندانی دەکرێت و نەفی دەکرێت بۆ سیبریا و لە سەرەتاکانی 1900دا دەردەکرێت بۆ دەرەوەی وڵات. هەر لەوێ گۆڤاری ئیسکرا کە یەکەمین ڕۆژنامەی مارکسی دەبێت دەردەکات لە زۆرترین ناوچەی روسیادا بڵاودەکرێتەوە، ئەمەش دەورێکی گرنگی دەبێت لە پێکهێنانی حزبێکی مارکسی تازەو دانانی بەرنامەی حزبدا هەروەها لە کێشمەکێشدا لە دژی ڕیفۆرمخوازەکان و ئەنارشیستەکاندا. ئەمەش لە کۆنگرەی دووەمی ڕێکخراوەکەیدا کە لەساڵی 1903دا بەسترا دەبێتە مایەی دامەزراندنی حزبی بەڵشەفی. ئەو حزبەی، بە ڕابەرایەتی لێنین، ڕابەرایەتی پرۆلیتاریا و جوتیاران و زەحمەتکێشانی کرد بۆ ڕۆخاندنی ئۆتۆکراتی قەیسەر و دامەزراندنی نیزامی سۆسیالستی لە جێیدا.

کارێکی مەزنی لێنین ئەوە بوو کە مارکسیزمی بە شێوەیەکی بلیمەتانە پەرەپێدا بە لەبەرچاو گرتنی بارودۆخی مێژوویی تازەو شێوەیەکی دیاری کراوی پێدا لەسەر پایەی ئەزموونی عەمەلی شۆرشی روسیا و جووڵانەوە شۆڕشگێڕیە نێودەوڵەتیەکان لە دوای مەرگی مارکس و ئەنگلسەوە. لێنین لە کتێبی( ئیمپریالیەت بەرزترین قۆناغی سەرمایەداریە.1916)دا توانی شێوەکاری بەرهەمهێنانی سەرمایەداری کە مارکس لە کتێبی (سەرمایە)دا پێی هەستا بوو، لێکبداتەوە. بەم جۆرە یاساکانی گەشەکردنی ئابووری و سیاسی سەرمایەداری لە سەردەمی ئیستیعماردا دۆزیەوە. لێنین تیۆری حزبی پرۆلیتاریا وەک حزبی سەرکردە و ڕێکخەر، کە بەبێ ئەمە ناتوانرێت دیکتاتۆریەتی پرۆلیتاریاو کۆمەڵگەی کۆمۆنیستی دابمەزرێت، داهێنا. بەم جۆرە لێنین بووە یەکەم ڕابەری یەکەمین دەوڵەتی پرۆلیتاریا لە مێژوودا، ئەو دەوڵەتەی کە توانی سەرکەوتن بەدەست بهێنی لە بەرامبەر دوژمنانی ناوخۆ و دەرەوەداو توانی بینای سۆسیالیزم بکات بە شێوەیەکی ئاشتیانە.

لێنین توانی بیری مارکسیزم لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا گەشە پێ بدات و لەوانەش بواری فەلسەفە. لەسەرەتادا گرنگیەکی زۆری دا بە پێشخستنی ماددیەتی جەدەلی و مادیەتی مێژوویی، لەبەرئەوەی فەلسەفەی مارکسیزم وەسیلەیەک بوو بۆ وەڵامدانەوەی تەواوی ئەو کێشانەی کە دەهاتە بەردەم چینی کرێکار و حزبەکەی لە قۆناغی تازەدا. لەبەرئەوەی ئەم فەلسەفەیە زۆرێک لە بیری تازەی هێنابووە ئاراوە. بەم جۆرە لە ساڵی 1908دا لە ڕێگەی بەرهەمە فەلسەفیە سەرەکیەکەیەوە بەناوی(ماددیەت و پراگماتیزمی ڕەخنەیی) توانی لێکدانەوەیەکی قوڵ بکات لەسەر دواهەمەین زانستی سروشتی لەژێر ڕۆشنایی ماددیەتی جەدەلیدا و توانی بنەمای فەلەسەفەی مارکسیزم لە بواری مەعریفەدا گەشە پێبدات. وە بە ڕەخنەگرتنی لەمەزهەبی ماخ کە داکۆکی توندی لە ئایدیالیزم دەکرد بە جەخت کردنەوە سەر مەعریفەو مەنتیق، توانی ئەو مەزهەبە هەڵوەشێنی و توانی مارکسیەکان فێری ئەوە بکات کە چۆن بجەنگن لە دژی فەلسەفەی کۆنەپەرستی. بەم جۆرە لێنین جەخت بوون و سوور بوونی خۆی بە جۆرێک کە پێشتر لەوێنەی نەبوو نیشاندا لەم بوارەدا کە تاچ ڕادەیەک پابەند بین بە فەلسەفەوە و داوای لە مارکسیەکان کرد کە بە توندی لە دژی هەر پاشماوەیەکی ئایدیالیزم و میتافیزیکیەت بوەستنەوە. چونکە لێنین پێی وابوو کە ماددیەتی جەدەلی ڕۆحی مارکسیزمە و پایەی سەرەکی تیۆری مارکسیزمە.

لێنین دەڵێ ئابووری و سیاسەت و ستراتیژ و تاکتیک ئەو شتانەن کە ناتوانرێت بەسەریدا باز بدرێت کاتێک دەتەوێت جەدەل بکەیت لە ژیانی واقعیدا. لە وتاری(سەبارەت بە گرنگی ماددیەتی خەباتکار..1922) ئەو مەهامە زیندووانەی کە دەبێ پشتی پێ

ببەسترێت لە پێناو پێشخستنی فەلسەفەی مارکسیزمدا خستەڕوو لەوانە کێشمەکێش دژی بیروڕای دینی لە جیهاندا، لەبەر ئەوەی پێی وابوو کە تێگشتنی ماددیانەی مێژوو لای مارکس مەزنترین دەسکەوتی مارکسیزمە. لێنین تیۆری ماددیەتی مێژووی بە بنەمای زانستی گەیشتن بە تێگەیشتنی یاساکانی گەشەی کۆمەڵایەتی و خەباتی شۆڕشگێڕانە لە پێناو گۆڕینی کۆمەڵگا بە کۆمەڵگایەکی سۆسیالیستی دانا. بەم جۆرە توانی زانستی کۆمەڵایەتی مارکسیزم پێش بخات لە هەموو بوارەکاندا. ئەو شتە گرنگانە لێنین چووە سەری لە بەحسەکانیدا کێشەی چینەکان و خەباتی چینایەتی و دەوڵەت و شۆڕش بوو کە لە کتێبی دەوڵەت و شۆڕشدا باسی کردوون و دەوری جەماوەرو پەیوەندی جەماوەر بە حزب و سەرکردەوە دیاری دەکات لە سەردەمی شۆڕشی سۆسیالیستی و بینا کردنی کۆمەڵگای کۆمۆنیستیدا. نەک هەر ئەو مەسەلانە، لێنین بیرێکی زۆر بەهێزی دا بەدەستەوە لە سەر ڕۆشنبیری و شۆڕشی ڕۆشنبیری و ئەخلاقیاتی سۆسیالیستی و هونەری سۆسیالیستی.

لێنین دوای ئەوەی هەوڵی تیرۆر کردنی دەدرێت بریندار دەبێت و گوللەیەک لە ملیدا جێگیر دەبێت. ساڵی 1922 چەندین نەشتەرگەری بۆ دەکرێت بۆ دەرهێنانی ئەو گوللەیە بەڵام سەرکەوتو نابێت و بە دوای ئەودا چەندین جار جەڵدەی مێشک لێی دەداو باری تەندروستی بەرەو خراپی دەڕوات. دواجار لە ساڵی 1924دا لە شاری گۆرکی جارێکی تر جەڵدەیکی توند لێی دەداو گیانی لەدەست دەدات. بۆ مەراسیمی پرسەکەی و گواستنەوەی تەرمە مۆمیا کراوەکەی بۆ مەیدانی سور ملیۆنەها کرێکار و خەڵکی زەحمەتکێش بە خەم و پەژارەیەکی زۆرەوە بەشداری دەکەن. مردنی لێنین دەبێتە گورزێکی قورس لە ڕابەرانی کۆمۆنیست و کرێکاریی یەکێتی سۆڤێت و هەلێکی زێرین بۆ هاتنە سەر حوکمی ناسیۆنالیزمی ڕووسی بە سەرۆکایەتی ستالین و زۆرینەیان ڕووبەڕوو سزای ئیعدام دەکرێن یان نەفی دەکرێن.

---

* بۆ ئامادە کردنی ئەم بیۆگرافیایە سوودم لەم سایتە بینیوە: http://www.marxists.org/arabic/archive/lenin/index.htm